

# ڕۆڵی فەرهەنگی ئاوەزی لە پێدانی شیعرییەتدا

## شیعری هاوار بەنموونە

**یەکەم: فەرهەنگی ئاوەزی**

لە ئینجیل (کتێبی پیرۆز)دا، دەستەواژەی (سەرەتا وشە هەبوو) دەبینرێت، ئەم دەستەواژەیە دەکەینە دەستپێکی چوونە نێو باسەکەمانەوە، ئەوە روووندەبێتەوە، کە داهاتوو و کۆتاییش هەر بۆ وشەیە، مێژوو لە قاڵبی وشەدا مۆمیاکراوە و ئێستاش هەر لەوشەدا مۆمیادەکرێت، فکر و دنیابینی مرۆڤ لەوشەدا وێنەگیراوە، خودا خۆی لەوشەدا تەجەلی دەکات، ئێمە لەوشەدا خۆمان تەوزیفدەکەین. وشە بەشێکە لە گشتێتی زمان، زمان بەرئەنجامی لێکدانی وشەکانە، ئەوە ئێمەین یاسا گەلێکی سینتاکسی و سیمانتیکی و پراگماتیکیمان بۆ وشەکان داناوە، بەڵێ سەرەتا وشە هەبوو.

وشە دالێکە لە فەرهەنگی ئاوەزی (mental lexicon) ئێمەدا هەڵگیراوە، فەرهەنگی ئاوەزی هەر مرۆڤێك هەڵگری دووانەی فۆرم و واتای وشەیە، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر رادەی فەرهەنگی ئاوازیی جیاوازە، دەوڵەمەندی و فرەیی وشە و بەکارهێنانی وشە لای مرۆڤ پەیوەستە بە فەرهەنگی ئاوەزییەوە، دەستپێداگەیشتنی نووسەر و قسەکەر بە وشە، پەیوەندی بە نەخشەی بیر(mind map)ەوە هەیە، کە بەهۆیەوە واتای وشەکان و چۆنییەتی رێکخستنیان بەرامبەر فۆرمێکی دیاریکراو لە فەرهەنگی ئاوەزیدا دیاریدەکرێت. دەوڵەمەندکردنی ئەم فەرهەنگەش وابەستەی کۆمەڵێك هۆکارە کە هەر لە منداڵییەوە کاریگەری دەخاتە سەر مرۆڤ، وەکو دایك و باوك و خێزان و هاورێ و قوتابخانە و کولتوور و کۆمەڵگە و هۆشیاری و خوێندنەوە (بەتایبەتیتر چیرۆك و رۆمان) و گەران و شوێن و زمانزانین و هۆکارگەلێکی تر، کە فەرهەنگی وشە و تەعبیر لای مرۆڤ دەوڵەمەند و زیاددەکەن.

بە دیدی ڤاتەر (vater) مرۆڤ لە بەکاربردنی زماندا سەرپشکییەکی هەیە و زمان پرۆسەیەکی ئۆتۆماتیکی و کاردانەوەیی نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی لەبەردەستدایە و توانای جۆراوجۆرێتی دەربرینی هەیە و دەتوانین وشە و دەربرینەکان لەگەڵ جۆری کاریگەربوونی سۆزدا رێکبخەین، ئەم بۆچوونە کۆمەکێکی گەورەی باسەکەی ئێمە دەکات، کە رۆڵی فەرهەنگی ئاوەزییە لە پێدانی شیعرییەتدا لە شیعری (هاوار)ی شاعیردا، یەکێك لەو توانستانەی، کە شاعیران لەوی تر جیادەکەنەوە، بوونی فەرهەنگێکی ئاوەزی فراوان و توانای هەڵبژاردن و دەربرین و ریزکردنی وشەکانی هەیە بە پێی ئاواز و نزیکی و کێش و ریتم و واتا و زۆر لایەن و رووی تر، کە رۆڵی گەورە و ناوازە و ئیستاتیکی دەگێرن لە پێدانی شیعرییەتدا.

**دووەم: شیعرییەت**

شیعرییەت (poetics) وەك چەمکەیلی نێو ئەدەب بۆچونەکان لەبارەیەوە کۆك نین، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە رێبازێکەوە بۆ رێبازێکی تر، تەنانەت لێکۆڵەر و رەخنەگرێکەوە بۆ ئەوی تر، بۆچوونی جیاواز هەیە، ئەوەی هەیە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە دەگەرێتەوە بۆ ئەرەستۆ، ئەرەستۆ پێوایە هەر شیعرێك وشەی ناباوی یان لە باو بەدەری تێدابێت، بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لەسەروو ئاستی زمانی رۆژانەوەیە، وشەی ناباویش مەبەستی وشەی خوازە و درێژکراوەیە، ئەوەی لەم پێناسەدا گرنگە و کۆمەکی کارەکەی ئێمە دەکات، ئەوەیە کە ئەرستۆ زمان و وشەی وەك یەکەم پێوەری شیعرییەت و ئەدەبییەت ناودێردەکات، ئەم دیدە لای ئەرستۆ لەچەند شوێنێکی تردا دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە.

دواتریش و لەسەردەمی نوێدا ئەم زاراوەیە لەلایەن هەردوو زمانەوان و رەخنەگرانی بەناوبانگ (رۆمان یاکۆبسن) و (جان کۆهین)ەوە فراوانترکرا، یەکەمیان پێوایە شیعرییەت کارکردنە لە زماندا و توانای کارکردن لە زماندا، شیعرییەت دەبەخشێتە دەقێکی ئەدەبی، پێشیوایە ئەوە شیعرییەتە دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نائەدەبی جیادەکاتەوە و بە کارکردن و تێکشکانی تەوەری هاونیشینی لە زماندا و لە جێدانان و زەقکردنەوە و هێنانەپێشەوەی تەوەری جێنیشینی، هێندەی تر شیعرییەت بەرجەستە دەبێت، هاوکاتیش جەختی لە مۆسیقا و ئاواز و ریتم کردووەتەوە لە شیعردا، کە دیسانەوە کارکردنە لە زماندا. هەرچی (جان کۆهین)یشە جەخت لە لادانی زمانی دەکاتەوە لە شیعرییەتدا

و پێیوایە شیعر زانستی لادانی زمانییە، بۆئەمەش کاری لەسەر دوانەی شیعر و پەخشان کردووە، بۆ دۆزینەوەی ئەندازەی لادان لە هەردووکیاندا، بەدیدی ئەو لادان هەڵەیەکی مەبەستدارە لە شیعردا و شاعیر بە هۆشیارییەوە ئەو تێکشکانە زمانییە بەرهەمدەهێنێت.

کەواتە بەگشتی شیعرییەت هەموو ئەو بنەما و ڕەگەزانەیە، کە زیندوێتی و سیمایەکی شیعری بە دەقێکی ئەدەبی دەبەخشن و دەقێکی شیعری لە دەقێکی نا شیعریی جیادەکاتەوە و تیایدا توانای شاعیرێتی و وردەکاری کارکردن لە زمان و واتادا دەخاتەڕوو، خستنەڕووەکەش دەبێتە هۆی پێدانی مۆسیقا و ئاواز و ریتم و ختووکە و چێژ بە گوێی گوێگر یان خوێنەر.

**سێیەم: پراکتیککردنی ڕۆڵی فەرهەنگی ئاوەزی لە پێدانی شیعرییەتدا لە شیعری هاواردا**

لەو دوو کورتیلە باسەی سەرەوەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە فەرهەنگی ئاوەزیی پێکدێت لە گەنجی وشە و لە بیری مرۆڤدایە و دواتر و لە دەرەوەدا ئەم وشانە لە هەناوی زماندا جێگەیان دەبێتەوە، زمان و وشەیش وەك لە کورتە باسی دووەمدا ئاماژەی پێدەدرێت، ڕۆڵی یەکەمین و گەورەی هەیە دروستکردنی شیعرییەتدا، لێرەوە دێینە سەر فۆکەس و تیشکۆی باسەکە، ئەویش پراکتیککردن و ڕۆڵی ئەو فەرهەنگە ئاوەزییە فراوانەیە لە پێدانی شیعرییەتدا لای شاعیرێکی گەورە و دیاری وەك (هاوار)، هاوار یەکێکە لە سێکوچکەی شیعری نوێی ڕۆژهەڵات لەگەڵ هاوڕێیانیدا کە (چاوە و سوارەی ئیلخانی زادە)ن، هاوار کە نازناوە بۆ (عەلی حەسەنیانی) لە ساڵی 1939 لە تاران لەدایکبووە، هاوار زۆر بەگەنجی دەستی داوەتە شیعرنوسین و خاوەنی یەکەمین دەقی شیعری نوێیە لە ڕۆژهەڵات بە ناوی (جەللاد) ەوە و لە شاری مهاباد ژیاوە و ساڵی 1992 لە کۆبنهاگن کۆچی دوایی کردووە.

وەك وتمان هاوار خاوەن پاشخانێکی گەورە بووە لە ئاستی وشەدا و خودان تەعبیرێکی کاریگەر بووە لە ئاستی زماندا، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بە



**شیعرییەت هەموو ئەو بنەما و ڕەگەزانەیە، کە زیندوێتی و سیمایەکی شیعری بە دەقێکی ئەدەبی دەبەخشن و دەقێکی شیعری لە دەقێکی نا شیعریی جیادەکاتەوە و تیایدا توانای شاعیرێتی و وردەکاری کارکردن لە زمان و واتادا دەخاتەڕوو**



عەلی حەسەنیانی

هۆشیاریی و بە دیققەتەوە وشە و دەستەواژەکان بەکاربێنێت و شیعری خۆی پێ ڕەنگڕێژبکات، بۆ بەرجەستەکردنی ئەو شێوازانە و دەستنیشانکردنی کارامەییە زمانەییەکانی و بۆ بڕیارنەدانی پێشوەخت، لەخوارەوە ئەو دەرەچە و پێکهاتانە بە نموونەی شیعرییەوە دەستنیشاندەکەین کە وشە و فەرهەنگی ئاوەزی تاك (هاوار) چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە پێدانی شیعرییەتدا:

1-ڕۆڵی وشە لە شیعرییەتی هاوسەروادا: شێوازی هاوسەروا شێوازێکە لە دەنگەکانی کۆتایی وشەدا دەردەکەوێت، ئیستاتیکا و جوانی و زرنگانەوەیك بە

وشە و ڕیتمەکەی دەبەخشێ و گوێچکەی گوێگر بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات، وەك لەم شیعرە دا هەرچەندە سەربەستە، بەڵام مۆسیقا و ڕیتمی و جوانی دەبریسکێتەوە و دەڵێت:

**شنەی شەماڵی شادیهێنی کێو و کەژ**
**دەبێتە تێکەڵی خورەی شەتاوی بەر بنار**
**گزنگی بەربەیانی دڵڕفێنی خەمڕەوێنی شەوتەرێن**
**دەبێتە لابەری شەوەی شەوی ڕەشی بناری تازیەدار (دیوانی جەللاد) ل198**

دەبینین وشەکانی (دڵڕفێن و خەمڕەوێن و شەوتەرێن) هەر سێکیان هاوسەروان بە هەردوو پیتی(ێن) و مۆسیقا و ڕیتمێکی ناوازەیان بە شیعریەکە بەخشیووە و شاعیر توانیویەتی سێ وشە بەدوای یەکدا بهێنێت، ئەگەر وشەکانی یەکەم و دووەم تاڕادەیەك وشەیەکی باوبێت لای شاعیرانی تر، بەڵام وشەی (شەوتەرێن) وشە و هاوەڵناوێکی دروستکراوە و بەمانای شەوڕاوەنەر، یان شەوفرێن دێت و توانای هاواری شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت کە دەستەودامان نەبووە لە هێنان و دانانی وشە لە شوێن و جێگە و هاوسێی خۆێدا.

ئەمە سەرەڕای هەردوو وشەی (بنار و تازیەدار)، هاوسەروان و شیعرییەتێك بە کۆتایی شیعرەکە دەبەخشن.

2- ڕۆڵی وشە لە شیعرییەتی سەروادا: سەروا بریتییە لە کۆمەڵێك دەنگ، کە لە کۆتایی هەموو دێڕەکان دووبارە دەبنەوە لە شیعردا و دووبارەبوونەوەیان بەشێکی گرنگی مۆسیقای شیعرە، ئارامی بە دەروونی خوێنەر و گوێگر دەبەخشێت و لە کات و شوێنی خۆیدا چاوەڕوانی دەکەن، بێگومان هەموو ئەم گەمەزمانییانە لە ڕێگەی بڕگە و کۆتاییتەکانی وشەوە دەکرێت و هۆشیاری و بوونی فەرهەنگی ئاوەزی فراوان دەورو گرنگی سەرەکی هەیە لای شاعیران، بۆ نموونە هاواری شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت:



هاوار

**چ جوان و دڵنشینە**

**چەم و لێڕ و دەشت و ئادە**

**وەرە بڕوانە، ببینە**

**کەوی سەرمەستی کوڕادە .................(دیوانی جەللاد)ل 87**

سەرواى ئەم شیعرە (اب اب)یە، دەبینین دوو وشەی سەرواى قاڵبی (ا) وشەکانی باون و لە زۆر شیعر و لای زۆر شاعیر بەکارهاتووە، ئەوەی جێی سەرنجە سەرواى قاڵبی (ب)کە بەرامبەر دەبێتەوە بە پیتی کۆتایی هەردوو وشەی (ئادە و کوڕادە) کە یەکەمیان بەواتای شینایی دێت و دووەمیان ناوی جۆرە گیایەکە، کە لە سەر شاخەکاندا دەڕوێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت شاعیر گەنجێك لە وشە لە ئاوەزیدا هەڵگیراوە و هەرکاتێك ویستوویەتی هێناوێتییە سەر وشە و فۆرم، هاوکاتیش وەك ئاماژەمان پێدا،گەڕان و گەشتکردن و دنیای جوانی سرووشت هۆکارێکن بۆ دەوڵەمەندی وشە و بێ هیچ لەخۆکردنێك وشەکان دێن بەدەستییەوە، بۆ نموونە لای هاوار و لە دیوانەکەیدا زیاد لە بیست و پێنج جۆر ناوی گوڵ دەبینرێت، کە هەمووی دەرئەنجامی ئارەزووی بۆ سرووشت و  سرووشتنیشینی شاعیر دەکات.

3-ڕۆڵی وشە لە شیعرییەتی کێشدا: کێش، کۆڵەکەیەکی سەرەکی مۆسیقای دەرەوەی شیعرە، ڕەگەزێکی بنەڕەتی شیعر پێکدەهێنێت، شیعرلە پەرش و بڵاوی دەپارێزێت، زۆرجار کێش ڕەگەزێکی جیاکەرەوی نێوان شیعر و ژانرەکانی ترە، ئەگەر چی مۆسیقا و کێش دوانەیەکی دانەبڕاون، بەڵام مۆسیقا فراوانترە و هەمیشە کێش بە شێك بووە لە مۆسیقا، کێش جۆرێك لە ڕێکخستنە، ئەم ڕێکخستنەش بەهۆی درکپێکردنی یەکێتی نێوان چەند پارچەیەکی جۆراوجۆر دەبێت، لە ڕێگەی دوو جۆر لە کێشەوە کە یەکەمیان بە کێشی عەروز دادەنرێت و لە شیعری کۆندایە و لەسەر کورت و درێژی برگە لە رووی برگەی نوسینەکی و هەناسەوە دەبێت و دووەمیان بە کێشی برگەی کە لە شیعری نوێدا پشت دەبەستێت بە ژمارەی برگەکان، بێگومان برگەش لە هەناوی وشەکاندایە، بۆیە مەبەستمانە بڵێین  بوونی فەرهەنگێکی گەورە لە وشە لە ئاوەزدا، دەبێتە ئاسانکار و پاڵنەر لە هەڵبژاردنی وشە و درووستکردنی کێش و بە تایبەتیش ئەوەی کە لەم باسەدا دەمانەوێت کێشی برگەییە لای هاواری شاعیر، بۆ نموونە لەم شیعرەدا بۆ (قاسم موئەیەدزادە) هاوڕێی نووسیوە، کە نازناوی (هەڵۆ) بووە و  دەڵێت و دەپرسێت:

**هەڵۆ بای باڵی خۆی دەدا ئێستا؟**

**یا نە هەروا لە نێو ڕککەی بەندە**

**کوا دەزانێ ئەسیری سووچی ژین؟**

**جێی هەڵۆی دوندی بەرزی سامڕەندە............ (دیوانی جەللاد) ل 135**

کێشی چوارینەکە کێشی دە برگەییە، وشەگەلێکی بەکاربردووە، کە هاوسەنگی و مۆسیقاو شیعرییەتێکی بە چوارینەکە بەخشیوە و ئاوازی وشەکان کێشی چوارینەکەی مۆسیقیتر کردووە، بۆ نموونە وشەکانی وەك(بایباڵبادان)، کە مەبەست لێی چوونەدەرە و هەواگۆڕین و حەسانەوەیە، دواتر وشەی (ڕککە) کە بەمانای (قەفەس) هاتووە و وشەیەکی کوردی پەتی جوانە، هەروەها وشەی دوند کە بەواتای ترۆپك و لووتکەی شاخ دێت، دواتریش وشەی سامڕەند کە ناوی شاخێکە لەکوردستان، هەموو ئەم وشانە باڵانسی کێشەکەیان ڕاگرتووە و کێشە دەبرگەییەکەیان تەواوکردووە، دابەشکراوە بەسەر دوو بەشی پێنجیدا و هەناسەیەکی مۆسیقی بە شیعرەکە بەخشیوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە و برگە برگە دەکرێت:

**هەڵۆ بای باڵی/ خۆی دەدا ئێستا---(هە/ڵۆ/بای/با/ڵی/خۆی/دە/دا/ئێس/تا)**

**یا نە هەروا لە/  نێو ڕککەی بەندە---(یا/نە/هەر/وا/لە/نێو/ڕك/کەی/بەن/دە)**

**کوا دەزانێ ئەسی/ ری سووچی ژین---(کوا/دە/زا/نێ/ئە/سی/ری/سوو/چی/ژین)**

**جێی هەڵۆی دوندی /  بەرزی سامڕەندە--(جێی/هە/ڵۆی/دو/دی/بە/ر/زی/سام/ ڕە/ن/دە)**



عەلی حەسەنیانی